
# بە بەشداریی ١٣ وڵات

# ئەمڕۆ لە هەولێر سێیەمین فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی ساز دەکرێت

**دوای ئەوەی لە دوو ساڵی رابردوودا لە هەولێر فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی بەبەشداریی چەندین گرووپی شانۆیی و کەسایەتیی هونەری لە چەندین وڵات ساز کرا، بڕیار وایە ئەمڕۆ سێیەم خولی فیستیڤاڵەکە لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵا لە هەولێر ساز بکرێت، خولی ئەم ساڵ لەرووی بەشداری کردنەوە بەرفراوانترە لە خولانی رابردوو، سەبارەت بە سازکردنی فیستیڤاڵەکە و تیپ و کەسایەتییە بەشداربووەکان هیوا سوعاد سەرۆکی فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتیی هەولێر بەم شێوەیە بۆ گوڵان دوا.**




هیوا سوعاد دەربارەی ئامادەکارییەکانی بۆ فیستیڤاڵەکە وتی: ئامادەکارییەکانمان تەواو کردووە بۆ سازدانی سێیەم فیستیڤاڵی هەولێرکە ٧ رۆژ دەخایەنێت و ئاهەنگی کردنەوەی لە هۆڵی مامۆستا سەعد دەبێت هەر لەو ئاهەنگە گرووپە بەشداربووەکان و لیژنەی دادوەری دەناسرێن وئاهەنگی کۆتاییش ئەم ساڵ ١٣ وڵات بەشداری تێدا دەکەن ئەمەش جێگای خۆشحاڵیمانە و ئەوەی ئێمە زیاتر شانازیی پێوە دەکەین فیستیڤاڵەکە گەیشتۆتە قۆناغێك کە زۆربەی وڵاتان خۆیان داوا دەکەن بۆ بەشداری کردن لەم فیستیڤاڵە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە فیستیڤاڵەکە خەریکە ناوبانگ دەردەکات،ئەم ساڵیش زیاتر بە ڕووی وڵاتانی عەرەبی کراوەتەوە، چونکە ئێمە بە زەروری دەزانین ئەوانیش لە نزیکەوە ئاشنای کەلتوور و شانۆی ئێمە بن و بەپێچەوانەشەوە، چونکە لە رووی جوگرافی و دابونەریتیشەوە لە یەکتری نزیکین و ئەم کرانەوەیە بە پێویست دەزانین، چونکە سەدای فیستیڤاڵەکە لە وڵاتانی کەنداو و لوبنان و میسر و لیبیا و تونسیش هەیە، بۆ نموونە شانۆکارێکی ناودار داوای کردووە بەشدار بێت و تەنانەت پلیتی فڕۆکەش لە ئەستۆی خۆی دەگرێت تەنیا بۆ بینینی فیستیڤاڵەکە.

سەبارەت بە هونەرمەند و تیپە بەشداربووەکان هیوا سوعاد دەڵێ: بۆ ئەم ساڵ ژمارەیەك هونەرمەندی ناوداری عەرەبی و جیهانی بەشدارن لەوانە: ئیلهام شاهین، سەمیر غانم، وەفا عامر، فاروق ئەلفیشاوی، ئەشرەف عەبدولغەفور، هانی سەلامە، مەعالی زاید، سامی مەغاوری، هەروەها سەرۆکی یەکێتیی هونەرمەندانی عەرەب کە وتارێکی تایبەت پێشکەش دەکات کە لە نزیکەوە ئاگاداری کارەکانمانە و ئاسانکاری زۆریشی بۆ کردووین و چەند هونەرمەندێکی دیکە کە ئەمانە کۆمەڵێك هونەرمەندی بەشداربوون بینەر بە بینینی کارەکانیان لە رێگای تەلەفزیۆنەوە ئاشنایەتی بەم هونەرمەندانە هەیە، جگە لەمانە چەند


ئیلهام شاهین


سەمیر غانم

شانۆکارێکی جیهانیمان داوەت کردووە لەوانە ڕۆبەرت لیج کە شانۆکارێکی ناوداری بەریتانییە و سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانی فیستیڤاڵە، هەروەها چەندین ئەندامی ئای تی ئای جیهانی و ئای تی ئای ئەڵمانی کە ساڵانە وەك نەریتێك ئامادە دەبن و وتاری خۆیان پێشکەش دەکەن.

تیپە بەشداربووەکانیش بریتین لە تیپی ئەڵمانی، سویدی، ئیسپانیا، تونس، بیلارووسیا، ئۆگەندا، بەغدا، فەرەنسا، تونس، ئێران، مەغریب، تورکیا هەروەها چەند کارێکی کوردی لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکە نمایش دەکرێن و شانۆگەرییەکی کوردیش بەشدارە لە پێشبڕکێی فیستیڤاڵەکە، هەر لە سەروبەندی فیستیڤاڵەکە ژمارەیەك کۆڕی هونەری ساز دەکرێن لەوانە کۆڕێك بۆ هونەرمەندی جیهانی ڕۆبەرت لیج و هەردوو هونەرمەندی عەرەبی عەبدولواحید بن یاسر و عەبدولرەحمان بن زێدان کە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی شانۆی ئاهەنگی دادەنرێت لە جیهان، جگە لە مانە چەند دەرهێنەری شانۆیی و سینەمایی و میوانیش لە وڵاتە جیاجیاکان بەشدار دەبن وەك تونس و ئێران، هونەرمەندێکی عێراقی لە بەغداوە ئامادەی فیستیڤاڵەکە دەبێت و دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و داتا بووە لەسەر شانۆی کوردی بابەتێکی تایبەت دەربارەی شانۆی کوردی پێشکەش دەکات.

سەرۆکی فیستیڤاڵ ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد وڵاتانی ئەڵمانیا، سوید، ئیسپانیا، تونس، بیلارووسیا، ئۆگەندا، فەرەنسا، تونس، مەغریب، تورکیا، ئێران بە دوو نمایش بەشدارن شانۆگەرییەك لە پێشبڕکێدا بەشدارە ئەوی دیکەش لە پەراوێزە، بە گشتی ١٦ نمایشە و خراونەتە نێو پێشبڕکێ و ئەوانی تر لە پەراوێزی فیستیڤاڵدا بەشدارن، ئێمە لە فیستیڤاڵەکانی رابردوو وەك نەریتێك لە دوای هەر نمایشێك کۆڕێکمان ساز دەکرد بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر نمایشەکە و هونەرمەند و شارەزایانی بوارەکە راوسەرنج و تێبینی خۆیان دەربارەی نمایشەکە دەخستەڕوو، ویستمان سود لەو کاتە وەربگرین کە بەیانیان لە بەردەستمانە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی خودی هونەرمەندان، چونکە نمایشەکان پاش نیوەڕۆ پێشکەش دەکرێن و پێمانوایە ئەم کۆڕانە سوودی زیاتریان دەبێت، هەروەها بەشداربووان دەتوانن بۆ خۆیان شوێنەوارە دێرینەکانی هەولێر بەسەر بکەنەوە و لە نزیکەوە بیناسن.

دەربارەی پەیوەندیی فیستیڤاڵەکە بە دەستنیشانکردنی هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری هیوا سوعاد وتی: ئەمە سێیەم خولی فیستیڤاڵەکەیە لە ساڵانی پێشوو هیچ جۆرە پێوەندییەك لەم شێوەیە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ ساڵی ئایندە هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەبی ئێمەش هەوڵ دەدەین هەولێر بەو شێوەیە نیشان بدەین کە شایەنی ئەو نازناوەیە، هەروەها بۆ ئەوەی هەولێر زیاتر پێش بکەوێت و خەڵکی زیاتر ڕووی تێبکەن ئێمە بە نیازین ئاهەنگێکی گەورە ڕێك بخەین بە بەشداری هەموو هونەرمەندە بەشداربووەکان و گەشتێکیش بۆ شوێنەوارەکانی هەولێر ساز دەکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شوێنەوار و شوێنە دێرینەکانی ئەم شارە باش بناسن، لەلایەکی دیکەوە هەولێر کە بە شاری شانۆ ناسراوە ئێستا دەبینین بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تر لەم شارە بینەری زۆر زیادی کردووە، ئێمەش لە هەوڵەکانی خۆمان بەردەوام دەبین و داواش لە بینەران دەکەم کە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ڕوو لە هۆڵەکانی شانۆ بکەن.

لیژنەی دادوەریی فیستیڤاڵ لە چەند کەسێکی پسپۆر و شارەزاو لێهاتووە پێکهاتووە و بریتین لە پێنج ئەندام یەکیان ڕۆبەرت لیجی بەریتانییە کە سەرۆکی لیژنەیە ئەوەی دووەمیان نوێنەری ئای تی ئای جیهانییە لە فیستیڤاڵ، هەروەها کەسێکی مەغریبی، لەگەڵ ئافرەتێکی بە ئەسڵ مەغریبی و نیشتەجێی ئەڵمانیایە و شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بواری شانۆدا لەگەڵ دکتۆر فازڵ جاف کە سکرتێری لیژنەکەیە، شانۆگەریەکان پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ١٠ خەڵات کە هەر ساڵێك بەگوێرەی نمایشەکان دەگۆڕێت بۆ نموونە جاری واهەیە تیپێك دیکۆری زۆر جوان دەکات ئێمە ناچارین خەڵاتی دیکۆریش زیاد بکەین، بەڵام ئەو خەڵاتانەی کە جێگرن بریتین لە خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ و کوڕ و باشترین ئەکتەری ناوەندی کچ و کوڕ و باشترین دەرهێنەر و باشترین نمایش، بەڵام خەڵاتەکانی باشترین دیکۆر و مۆسیقا و سینۆگرافیا ئەوا لیژنە بڕیاریان لەسەر دەدات.


وەفا عامر


فاروق ئەلفیشاوی


سامی مغاوری


هانی سەلامە


مەعالی زاید

# سوڵتانە ناهد دەچێتە قەفەسی زێڕینەوە

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە خانمە ئەکتەری تورکی نور فەتاح ئۆغلو ڕایانگەیاند کە ناوبراو ڕازی بووە ژیانی هاوسەری لەگەڵ بیزنسمانی ناوداری تورکی لیڤنت فیزیجرۆ پێك بهێنێت دوای ئەوەی چەندین جار ئەو داوایەی ڕەت کردەوە.

نور کە ڕۆڵی پاڵەوانی لە زنجیرە درامای (حریم السلطان) بینی، پێشتر چەند جارێك ڕایگەیاندبوو کە لەم قۆناغەی ئێستای ژیانیدا ئەو بە هیچ شێوەیەك بیر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی ناکاتەوە و کاری گرنگتری لە پێشە ئەنجامیان بدات، بەڵام لەناکاو لە بڕیارەکەی خۆی پاشگەز بۆوە تەنانەت هەر خۆی کاتی ئاهەنگەکەشی دیاریکرد ئەویش مانگی ئاداری داهاتووە واتە ڕاستەوخۆ دوای تەواوبوونی وێنەگرتنی بەشی چوارەمی زنجیرەکە.

پێشتر نور پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ محەمەد



## سیلیناش دەیەوێ بچێتە ڕیزی مادۆنا و ئەنجلینا

سیلینا گۆمێزی ئەستێرەی گۆرانی و موزیکی ئەمریکی سەردانی وڵاتی ئیتاڵیای کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی تایبەت بەخۆی.

بەڵام ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی سەردانی ئان وینتۆر سەرنووسەری گۆڤاری (ڤۆگ) کرد.

سیلینا لە یەکێك لە هوتێلە بەناوبانگەکانی ئیتاڵیا بینرا لەگەڵ ئان کە خەریکی گفتوگۆیەکی دوور و درێژ و جددی بوون ئەمەش لای هەواڵنێران وا لێکدرایەوە کە دەیەوێ لەسەر بەرگی گۆڤاری فۆگ دەربکەوێت کە یەکێکە لە کۆنترین و بەناوبانگترین گۆڤارەکان و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی هونەرمەندان زیاتر ناوبانگ دەربکەن و بناسرێن و تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ئەستێرە ناودارەکانی جیهان لەم گۆڤارە دەرکەوتن ور بوونە بابەتی بەرگیان دواتر بوون بە ئەستێرەی ناودار لەوانەش مادۆنا و ئەنجلینا جۆلی، کە پێشتر بە هەمان شێوەی سیلینا هەوڵیانداوە لە ڕێگای ئەم گۆڤارەوە دەرکەون.

شایەنی باسە دوای جیابوونەوەی سیلینا گۆمێز و هاوڕێکەی، سیلینا بە بارودۆخێکی دەروونی سەختدا گوزەری کرد و خەریك بوو ئەم بارودۆخە کاریگەریی بەسەر تەواوی ژیانیدا هەبێت، بەڵام دوای ماوەیەك گەڕایەوە دۆخی جارانی و ئەم هەوڵەشی دەچێتە ئەو چوارچێوەیە بۆ ئەوەی بە تەواوی بگەڕێتەوە ئاستی جارانی بەتایبەتی لە ڕووی جەماوەرییەوە.



نەجاتی شاشماز هەبوو، بەڵام لەناکاو بەبێ دیاریکردنی هۆیەکانی جیابوونەوە و محەمەد ژیانی هاوسەری لەگەڵ کچێکی دیکە پێکهێنا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نور بە بارێکی دەروونی سەخت و ناخۆشدا گوزەر بکات تا ئەو کاتەی پێوەندی لەگەل لیڤنت دروستکرد، سەرچاوەکان وا لێکدەدەنەوە لە ترسی دووبارە سەرنەکەوتن نور دەیەوێ هەر زوو پێوەندییەکەی یەکلایی بکاتەوە.



# ئالین بە گۆرانییەک پشتیوانی لە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات

بەر لە چەند مانگێك خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین سەردانی کوردستانی کرد بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری، هەروەها بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی کوردە ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بێت کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

هەر لەم سەردانەیدا ئالین بەشداری لە ئاهەنگێکدا کرد کە بۆ پشتگیری کردن لە کوردانی رۆژئاوا رێکخرا بوو، هەروەها سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کرد و چەند خانەوادەیەکی بەسەر کردەوە، ئالین کە ئێستا لە ولاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە دوای گەڕانەوەی گۆرانییەکی نوێی بە کلیپ بڵاوکردەوە بۆ پشتیوانی کردن لە کوردانی رۆژئاوا، ئەم گۆرانییە نوێیەی ئالین بە ناوی (ئەی فەلەك)ـە و پێشتر هونەرمەندی گەورە محەمەد شێخۆ وتویەتی لە تێکستی بەدرخان سندی و ئاوازی محەمەد شێخۆیە و لە دەرهێنانی حوسێن حەسەنە و بەشێوەیەکی دیکیومنتی دەربارەی چۆنیەتی ئاوارە بوونی کوردانی رۆژئاوا وێنەی گیراوە و کارەساتی ئەوان دەخاتە روو.

# مادلین عاشقی بۆنی فەرەنسییە



هونەرمەندان و ئەستێرەکانیش وەك هەر کەسێکی ئاسایی حەز و ئارەزوویان لە شتی سەیر و سەرنجڕاکێشە، زۆر جار ئەم حەزەشیان دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی کەسانی ئاسایی یان ئەوانەی هەواداری دەنگ و کارە هونەرییەکانیانن.

مادلین مەتەڕی گۆرانیبێژی شۆخ و شەنگ و سەرنجڕاکێشی لوبنانی زۆر حەز لە زانینی نوێترین هەواڵی جلوبەرگ و مۆدێلەکانی دەکات بەتایبەتی ئەوەی لە خانە ناودارەکانی پاریس دەردەچن، بەڵام لەوە سەیرتر خۆشەویستیی بۆ کڕینی نوێترین بۆنەکان بێ سنوورە بەتایبەتی لە مارکە ناودارەکان ئەگەر نرخیشیان زۆر گران بێت ئەوا باکی نییە و خۆی بێبەش ناکات لە کڕینیان، لەم بارەیەوە مادلین دەڵێت: هەموو هونەرمەندێك بەتایبەتی ئافرەتە هونەرمەندەکان پێویستیان بەوەیە لەرووی دەرکەوتن و پۆشینی جلوبەرگ بێ وێنە بن، چونکە جگە لە ساز کردنی کۆنسێرت و ئاهەنگ ئێمە بەردەوام لە بۆنە و فیستیڤاڵەکان بەشداری دەکەین و دەردەکەوین و پێویستە دەرکەوتنمان تا رادەیەك جیاواز بێت لە خەڵکی ئاسایی، چونکە ئێستا میدیاکان گرنگییەکی زۆر بە دەرکەوتنی هونەرمەند دەدەن و بچووکترین هەڵە یان دەرنەکەوتنی بە جوانی دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە باس، مادلین زیاتر دەڵێت: جگە لە جلوبەرگ من عاشقێکی سەرشێتی بۆنم و هەر بۆنێك کە دەرچوو من هەوڵ دەدەم دەستم کەوێت بۆیە ئێستا بە سەدان شووشەی بۆنم کۆکردۆتەوە بەتایبەتی بۆنی فەرەنسی.

## ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

# زانکۆ -٨-



**ئەحمەد سالار**

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

بەر لە وادەی فیستیڤاڵی ساڵانەی ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان جموجۆڵ دەکەوتە بەشەکانییەوە،یەکێ لەو بەرهەمە شانۆییانەی کە رۆڵی کارەکتەری سەرەکییان بە من سپاردبوو، شانۆیی (فریشتە لە بابل نیشتەوە)ی فریدریش دورنیمان) بوو، ئەو شانۆنووسەی جیهانی بە ناماقووڵ دەبینی، بەڵام ئەو ناماقووڵییەی، کە شایانی نائومێدی نییە: ( هەرچەندە دەرفەتەکانی رزگار کردنی جیهانی زۆر کەمە، بەڵام لە تەك ئەو دانسقەییەشدا هەر مەحاڵ نییە)، هەر لەو روانگەو فەلسەفەی (ئیبسۆردەوەیە، کە گیانی تەنز ئامێزی و گاڵتەجاڕیی، سەرجەمی بەرهەمەکانی گرتۆتەوە: ئەم شانۆییەی (فریشتە لەبابل نیشتەوە) ساڵی (١٩٥٣) نووسیویەتی سەبارەتی دەڵێ: (باس لە هۆکارەکانی دروستکردنی قوللەی (بابل) دەکات، هەرچۆن خۆ لە قەرەدانی ئاسمانبێ، بابەتەکەشی لە دەوری کۆتایی پێهاتنی کوێرەوەرییەکانی جیهان خول دەخوات) هەرچۆن بەڕای لێکۆڵەوەرانێك هەمان بۆچوونە کە لە سورەتی (غافر) ئایەتی (٤٥)ی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، بەڵام بە جیاوازی کەسەکانی لەسوورەتەکەدا دەفەرموێ: ( وقال فرعون یاهامان ابن لی صرحا لعلي ابلغ الاسباب ...) پرۆڤە لە دوای پرۆڤە نەك هەر ئاشناتر دەبووم بە کارەکتەرەکە و فەلسەفەی نووسەرەکە بەڵکو ئازیزترو بەردڵانتر دەبوو لەلام. هەتا ئەمڕۆش، بگرە هەتا خوێنێ گەشی ژیان بە شادەمارەکانی جەستەمدا دێت و دەچێ، ئەو دایلۆگەم لەبیر ناچێ کەمن دەمگووت و دەرووی شانۆییەکەبوو: ((کیژەکەم مادامەکی پەروەردگار تۆی بەم رێکوپێکییە دروستکردووە، بۆیە دەبێ هەر لەسەرەتاوە، ئەو راستیەش بەچاکی بزانی، منێك ئەم شڕوتیتاڵە سواڵکەرییەم پۆشیوە، بەڵێ فریشتەم و باشیش دەزانم، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، ئەم شوێنە زبرەی لەسەری نیشتوینەتەوە زەوییەو، ئەو خانووە پیسیانەش شاری بابل)).

هەر لەسەرەتای پرۆڤە کردنمانەوە، هونەرمەندی شێوەکاری مەزن خواڵێخۆشبوو (عەزیز سەلیم) کە لە سەرەتای شەستەکانەوە دەمناسی، سەرەتا لەسلێمانی لەماڵی (شێخ جەلالی حەفید) بوو کە داڵەیان دابوو، لەلای وێنەگرانی سلێمانی کاری (رتوش)ی دەکرد لە ستۆدیۆیەکی شەقامی بێکەس چەند تابلۆیەکی، کە لە یادمە پۆرترێتی (شێخ جەلالی حەفید) و (حەپسەخانی نەقیب) بوو لە جامخانەکانی سینەمای (دڵشاد) نمایشکرابوون،

هەمووانی حەیران کردبوو، ئەم پیاوە زۆربەی ڕۆژ هامشۆی دەکردین، لە دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆم گەیاندبوو ئەمە هونەرمەندێکی گەورەی کوردە، ڕۆژانە لە کاتی وچاندندا، باری سەرنجی بە دەرهێنەر دەدا، ئەویش گشت تێبینییەکانی بە دڵ بوو، ڕۆژێ لێی پرسی تێبینییەکانت سەرپێیی و ئاسایی نییە، بەڵکو ئەوانە لەهی هونەرمەندێکی شانۆکاری پیشەمەند دەچێ؟

لەکاتی خۆیدا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە فلانە شانۆی شاری (باکۆ) دا کرێکاری شانۆ بووم، واڕێکەوت یەکێ لەو بەرهەمانەیان لەکاتی بوونمدا لەو شانۆیە ئەم شانۆیە بوو، لەدەرهێنانی (ناوی برد، بەڵام لە زەینمدا نەماوە) ئەو ماوەیە بەپێی کارەکەم ئاگاداری وردو درشتی کارە شانۆییەکەیان بووم.

: سوپاست دەکەم و قەردارتین.

: شایانی نییە، دەتوانم لەکاتی ئارایشتکردنیتا، ئەگەر ڕێگا بفەرموون، بەشداریتان بکەم، بەتایبەت کەسایەتیی (فریشتە) کە (ئەحمەد سالار) دەینوێنێ.

پرۆڤەکە بەرەو پێش چوو هێندەی نەمابوو بۆ ڕۆژو وادەی نواندنی، هەستم کرد ئەکتەری بەرامبەر ( عاقی ) کە هونەرمەندێکی بە توانابوو خاوەنی دەنگێکی دەوڵەمەندی زرنگەو لەرینەوە بوو، دەیویست بیکاتە زۆرانبازی دەنگ لەگەڵ دەنگی مندا، بەپێی هونەری نواندن و دەنگ دەبێ وەرگرتنی و دانەوە لە هەمان ئاستی پلە و (تیمپۆ) دابێ، کە پێی دەگوترێ (هاو زەنگە دەنگیی )، بەڵام بەو مەبەستەی ئەو حاڵەت و کەسایەتییە دراماییە کە بزر دەبوو، دەکرایە قوربانی زۆرانبازی دەنگ، ناچار پاش پرۆڤەکە کاتێ لە کافتیریا دانیشتین پێم گوت : حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم تۆ خۆشەویستی لە منیشەوە پتر نزیکی، چونکە هەردووکمان هاوکۆستین، من کوردم و تۆش، ئاشوریی برامی – ئەوەی تۆ دەیکەیت، بەرلە من و شانۆییەکە زیان بە توانا هونەرییەکەت دەگەینێ.

:چۆن؟

: بەڵێ زۆر چاك تۆ خاوەنی دەنگێکی (باز)ی بەو هەڵبەز و دابەزەت، جوانی دەنگت لە دەست دەدەیت، دەبێ بشزانی من خاوەنی پلەی ناوەنجیم (باریتۆن) واتە بواری یاری کردنم لە نێوان پلە دەنگیەکاندا، واتە پەیژە دەنگییەکان (ئۆکتاف)ـەکاندا، براکەم تۆ دەتوانی دوو ئۆکتاف هەڵکێشی یان ئۆکتاف دابەزی، بۆیە ڕەنگە ئەو کارە (قەرار) و (جەواب) بۆت ئاسان نەبێ.

: دروستە، سبەینێ دەبینی .

وا دەرچوو، کارەکە وەك ئاوی روون و ڕەوان بێ گرێ و قۆرت دەڕۆیی.

وادەی نواندن هات، ئەو ڕۆژی هەر لەبەیانییەوە بەلێشاو بەتایبەت، قوتابیانی زانکۆ، ڕوویان لە ئاکادیمی کرد، کافتریاو باخچەو گۆڕەپانی ئاکادیمی جمەی دەهات . کاتی خۆ ئامادە کردن هات، ئەکتەرەکان خزانیە ئەو جێگریەتی بەرگەکانمان دەپۆشی و ئارایشتمان دەکرد، لەبەر خۆمانەوە دایلۆگەکانمان دەگوتەوە و، بەهاوەڵەکەمم گوت: ئاگاداری شا دایلۆکەکەت بە .

: کامە؟

: ئەوەی کرۆکی هەرەسەرەکی و گەوهەریتی تیادا دەدرەوشێتەوە.

: (لە پای مانەوەی ئەم جیهانەدا، دەبێ لاوازەکان بزانن کام ڕێگایە دەگرنەبەر، ئەوە بەهێزان هێزدارن و چی دیکەیان نییە، بۆیە ئێمەش خۆمان فێری ئەو بنەمایە بکەین ڕووبەڕووبوونەوەی هێز کارێکی گێلانەیە کەواتە گوێ بۆ پەندی ئەم سواڵکەرە رادێڵە . لەبەردەمی هونەرمەند (عەزیز سەلیم) دا دانیشتم، هەردوو دەستی ئالآوی شیکردنەوەی خوریدابوو، پاش دانانی بنچینەی ئارایشت لەسەر رووم و گەورەکانی چاوم، کەوتە چاندن و تێهەڵکێشانی خوری لە پرچمان ئەو دەمە پرچێکی چڕو پڕم هەبوو، پاشان دەستیکرد بە بەکارهێنانی ئەو کەتیرە گیراوەیەی لە بنێشتە تاڵ، یان بنێشتە مەستەکی لە ناو (ئیسەر) یان (ئەسیتۆن) دا، چاویلکەکەی هێنابووە سەرکەپوی و جگەرەکەی لالێوی دوکەڵی لێ بەرز دەبوویەوە . هەمووان لە دەست و کارەکەیان دەڕوانی و سەرسام بوون.

گوتی: ئەمە فریشتەیە، یان ئەوەی نووسەر؟

هەموان: نەوەڵڵا، ئەمەی تۆ.

لەو ماوە کورتەی بەدەستەوەبوو، پاش جوان و ڕوانین لەسەرو سیمام، کەوتمە ناو ژیانی کارەکتەرەوە و دەستبەرداری خۆم و دەورو بەروو دونیاکەم بووم. شانۆییەکە نوێنرا و چووینە سڵاو دانەوەی بینەران، ئەو رستەیەی (ماکسیم گۆرگی ) و شانۆیی (ئەوانەی لە بنەوە دەژین)ـم هاتەوە بیر کە دەڵێ : ((چەپڵە تو منای چەپڵە نازانێ، چەپڵە وەك ڤۆدگا وایە....))

هەرچۆن بوو، ئەوەی توانیم و پێمکرا، خورییەکەی سەرو ریشم لێکردەوە، بەڵام ئەوانەی بەبێمنی سەرمەوە چەسپ بوو بوون، چەندەم کردو چەندەم کۆشا مەحاڵ بوو. گەیشتەمەوە ژوورەکەم، لەلایەکەوە هێنا وەکو بەری نەداوم کاس و سەرخۆشی چەپڵە ڕێزان و تەحا تەحام و لەلایەکیشەوە گرفتی، چۆن چۆنی سەرم خاوێن بکەمەوە ؟ چوومە بەر بەلۆعەو دەستێك بەسابوونی ڕەقی و دواون و هەتا حەوت دەست، بێ سوود بوو، هیوای برادەرم بەهانامەوە هات: ئەرێ بۆ دۆش داماویت و سەری دنیات لێهاتۆتەوە یەك، بە نەوت بیشۆ، ئەوە بنێشتەکە نەتواوەتەوە بەسەرتەوە نووساوە .

: هیوا گیان جاران بیستبووم بۆ ڕشك و ئەسپێ، بەپەرۆیەکی نەوتاوی لە سەریان دەدا، بەڵام دەیان گوت بەکاویەکە.

: نەخێر بەقسەت دەکەم، ئاتخوا ئەو دەبە نەوتەم بەرێ . هێنای و چۆرچۆر ئەیکرد بەسەرما، لەگەڵیا نەك هەر بنێشتە تاڵ بەڵکو تۆپەڵە قژم دەهاتە خوارێ، هەتا دەبەچۆڕی لێ بڕا، ئەوسا کەوتەوە، نەك سابوون بەکارهێنان، بەڵکو پاکەتێ ( تاید ) ی حاجەت و جل ششتنم بەکارهێنا، بەڵام بۆنی لێ نەبڕی بوو شەکەت و تەواو کەنەفت بوومە، لەسەر قەرەوێڵکەم لێی راکشاوم، لە خەوما جێگای عەوڵا شەلی نەوتفرۆشم گرتبووەوە و بە دوای کەرو بەرمیلە نەوتەکەمەوە بووم و هاوار هاواری: نەوت بە گالۆن و بەتەنەکە و کۆڵانەکانی چوارباغ و سەر شەقام تەی دەکرد.

**لەبەردەمی هونەرمەند (عەزیز سەلیم) دا دانیشتم، هەردوو دەستی ئالآوی شیکردنەوەی خوریدابوو، پاش دانانی بنچینەی ئارایشت لەسەر رووم و گەورەکانی چاوم، کەوتە چاندن و تێهەڵکێشانی خوری لە پرچمان ئەو دەمە پرچێکی چڕو پڕم هەبوو**

**پرۆڤە لە دوای پرۆڤە نەک هەر ئاشناتر دەبووم بە کارەکتەرەکە و فەلسەفەی نووسەرەکە بەڵکو ئازیزترو بەردڵانتر دەبوو لەلام. هەتا ئەمڕۆش، بگرە هەتا خوێنێ گەشی ژیان بە شادەمارەکانی جەستەمدا دێت و دەچێ، ئەو دایلۆگەم لەبیر ناچێ**